## چوارەم/ نەخشەی بنەڕەتی شار (Master plan)

### ١- چەمکی پلانی بنەڕەتی یاخود نەخشەی بنەڕەتی/

پلانی بنەڕەتی بریتیە لە نەخشەیەکی گشتی کە ئاڕاستە و گەشەکردنی شار نیشان دەدات یاخود بریتیە لە (نەخشەیەکی شار) کە ئێستا و داهاتووی ئەو شارە نیشان دەدا و شوێنی هەموو بەکارهێنانەکانی زەوی لەسەر دیاری کراوە و سروشت و چڕی ئەم بەکارهێنانانە و دابەشوونی جوگرافیان نیشان دەدات لە شار وەك (نشینگەیی+ بازرگانی+ پیشەسازی + خۆشگوزاری + گواستنەوە + هەروەها بەکارهێنانە خزمەتگوزارییەکانی وەك (فێرکاری+ تەندروستی + ئیداری + ئایینی) و بێجگە لە بەکارهێنانە تایبەتیەکانی وەك (کشتوکاڵ + گۆڕستان + سەربازی).

ئەم نەخشەیە لە لایەن چەند کەسانێکی پسپۆر دەکێشرێت بەتایبەتی ئەندازیار و جوگراف بەڵام بۆ کێشانی پێویستی بە چەندها زانیاری هەیە لەسەر دابەش بوونی جوگرافی بەکارهێنانەکان و زووژر جار پشت بە وێنە ئاسمانییەکان دەبەسترێت و ئینجا دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆری تواناکانی مرۆیی و سروشتی ئەو شارە و بارو دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم شارە ئینجا نەخشەکە دەکێشرێت بۆ ئێستا و داهاتوو، ئەم هەموو لێکۆڵینەوەیەش لە پێناوی سەرکەوتنی ئەم نەخشەیە.

### ٢- خاسیەتەکانی نەخشەی بنەڕەتی شار

أ- نەرمی/ پێویستە لە کاتی نەخشەکێشانی شارەکە نەرمی هەبێت ئەمەش بە دیار دەکەوێت لە کاتی تێگەیشتنی تەواوی هەر کێشەیەك و چارەسەرکردنی بە هێمنی و تێگەیشتن و چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکاریانە و گیروگرفتانەی کە لە داهاتوو ڕوو دەدەن وەك فراوانبوونی لە ناکاوی بینایەکان و دروست بوونی ناوچەی هەڕەمەکی لە ناو شار.

ب- گشتگیری / واتا کێشانی وێنەیەکی تەواو یەکگرتوو بۆ داهاتووی شار کە هەموو بەکارهێنانەکان بگرێتە خۆی.

ج- درێژی ماوەی پلان/ پلانی بنەڕەتی ئامادە دەکرێت وە ڕەسم دەکرێت بۆ ماوەی (٢٠-٢٥) ساڵ واتە نەخشەی شار دەکێشرێت و سنوورەکەی دیاری دەکرێت هەتا دوای (٢٠) یان (٢٥) ساڵ پاش وێنەکێشانی، ئەمەش مانای وایە ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شار دیاری دەکرێت و ناوچەی بەکارهێنانەکان دیار دەکرێت لەسەر شارەکە لە داهاتوودا، ئینجا چاوی پیا دەخشێنرێتەوە هەر (٥-١٠) ساڵ جارێك بۆ دەستکاری کردنی نەخشەکە و دانانی هەر گۆڕانکارییەك لە شارەکە رووی دابێت لە ماوەی (٥-١٠) ساڵەدا. ئەمەش وا دەکات کە ئەم نەخشەیە بە چەند قۆناغێك جێبەجێ بکرێت.

د- بوونی پشتگیری حکومەت و یاسا و دەرامەتە سەرمایەکان زۆر پێویستە بۆ ئەنجام دانی ئەم نەخشەیە.

هـ- پاراستنی پاشماوەکانی بیناسازی لە شار واتە شوێنە کۆنەکان و ئاسەوارەکانی ناو شار.

و- بەژداری کردنی هاولاتیان لە کرداری پلان دانان بۆ ناو شار زۆر پێویستە چونکە هەر گۆڕانکارییەك لەسەر نەخشەی شار پێویستی بە ڕاوپرس هەیە.

**٣- ئامانجەکانی نەخشەی بنەڕەتی:**

أ- دروست کردنی مۆرفۆلۆجیایەکی گونجاو و پێشکەوتوو لە شار بە هۆی/

١) جوان کردنی شار بە هۆی دابین کردنی شوێنی کەسکایی وەك پارك.

٢) پەرەپێدانی گەڕەکە نشنگەییە هەڕەمەکیەکان یاخود پەك کەوتووەکان بە هۆی چاکردنەوە خانووە کۆنەکان و یاخود دروست کردنی یەکەی نشنگەی هاوشێوە جا ستونی بێت یان ئاسۆیی، ئینجا دابین کردنی هەموو خزمەتگوزارییەکان بۆی بەتایبەتی شەقام و پاڕك .

٣) چاکردنەوەی تۆڕەکانی شەقام لە ناو شار و رێکخستنی.

٤) پاراستنی شوێنە کۆنەکان وەك (گەڕەکی کۆن + شوێنەوارەکان + بازاڕە کۆنەکان) وە چاکردنەوەیان بەڵام بەبێ ئەوەی رووخساری کۆنەکەی لە دەست بدات.

ب-کۆنترۆڵ کردنی گەشەی خێرای شارەکان و رێکخستنی ئەم گەشەیە.

ج- چاکردنەوەی ژیانی مرۆڤ و گرنگی پێدانی لە ناو شار لە رێگای دابین کردنی هەموو خزمەتگوزارییەکان بۆی کە بنەماکانی ژێرخانی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەوە.

**٤- قۆناغەکانی ئامادکردنی پلانی بنەڕەتی**

**یەکەم/ قۆناغی لێکۆڵینەوەی مەیدانی/** بریتیە لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەو شارەی کە نیاز وایە پلانی بۆ دابنرێت یاخود گەشەی پێ بدرێت، بەهۆی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیری تواناکانی سروشتی و مرۆیی ئەو شارە و هەروەها دراسەتکردنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو شارە، واتا دەبێ واقعی ئەو شارە روناکی تەواوی بخرێتە سەر بۆ دیارکردنی ئەو گیرگرفتانەی کە دەتوانرێت چارەسەر بکرێت لەلایەن نەخشەی بنەڕەتیەوە.

**دووەم/ قۆناغی دیاریکردنی ئامانجەکان/** ئامانجەکان دیاری دەکرێت بە پێی زانینی گیروگرفتەکان کە بەرەنگاری شار دەبێت و دەبێ ئەو ئامانجانە چارەسەری گیروگرفتەکان بکەن و بە تێچوونێکی کەم.

**سێیەم/ قۆناغی دیاری کردنی بەدیل/** واتا لەم قۆناغەدا ئەوانەی نەخشەکە دەکێشن پێویستە چەند بەدیلێك دیاری بکەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان یاخود بۆ دیاریکردنی سنووری ئەو شارە یاخود هەر لە چ بابەتێك بێت و ئینجا باشترین و پەسەندترین بەدیل هەڵدەبژێردرێت.

**چوارەم/ قۆناغی وێنەکێشان:** واتە لەم قۆناغەدا پلان دانەرەکان وێنە دەکێشن بۆ شارەکە.

**پێنجەم/ قۆناغی جێبەجێکردن:** واتە ئەوەی وێنەی بۆ کێشراوە لەناو شار جێبەجێ دەکرێت لە واقع لەسەر زەوی شارەکە بۆ نموونە دامەزراندنی کرۆکێکی پیشەسازی قورس لە لایەکی شار یان دروست کردنی گەڕەکێك بە ناوی (شەهیدان) بۆ نمونە، ئەم جێبەجێ کردنە بە چەند قۆناغێك تێپەڕ دەبێت و ماوەیەکی زۆری پێ دەوێت و زۆر جار ئەوەی نیاز وایە لەسەر نەخشە شوێنی بۆ دیاری کراوە کە ئەنجام بدرێت کەچی جێبەجێ نابێت و ڕێگای ڕووناکی نامێنێت ئەمەش بە پێی سیاسەتی وڵات و بوونی سەرمایە و هۆی دیکە کاری تێ دەکات.

## مۆرفۆلۆجیای شار
## (City Morphology)

### یەکەم/ چەمکی مۆرفۆلۆجیای شار

زاراوەی مۆرفۆلۆجیای شار لە دوو بڕگە پێك هاتووە (مۆرفۆ) بە واتای (شێوە) و (لۆجی – logy) بە واتای زانست، جا لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین پێناسەی مۆرفۆلۆجیای شار بکەین و بڵێین کە بریتیە لەو زانستەی کە لە شێوە دەکۆڵێتەوە جا ئەم شێوەیە لە شار بەدی بکرێت یان گوند، ئەگەر شێوەی گوند بوو ئەوا پێی دەووترێت مۆرفۆلۆجیای گوند و ئەگەر شێوەی شار بوو ئەوا پێی دەووترێت مۆرفۆلۆجیای شار. پسپۆران لە بواری شار وشارنشینی جیاوازییان هەیە لە جۆری بیروڕایان دەربارەی پێناسە کردنی ئەم زانستە لە جوگرافیای شاردا، بۆ نمونە جوگراف ناستی شارنشینی (هارۆلد کارتر) پێناسەی دەکات و دەڵێت: ((بریتیە لە هەموو ئەو دیاردانەی کە بەچاو دەبینرێت لە ناو شار کە بریتیین لە (پلانی شار + شێوازی شێوەی بینایەکان + شێوازی بەکارهێنانەکانی زەوی شارستانی)).

بەڵام دکتۆر **صلاح الجەنابی** لە زانکۆی موسڵ پێناسەی دەکات و دەڵێت بریتیە لە (لێکۆڵینەوەی شێوەی دەرەکی شار کە پێکهاتەی ئاسۆیی و ستونی دەگرێتەوە، یەکەمیان واتە ئاسۆییەکە بریتیە لە (سیستەمەکانی شەقام + بلۆکە پیشەییەکان + شێوازی شێوەی تەلارەکان)، بەڵام ستوونیەکە ئەمانە دەگرێتەوە لە شار (تەمەنی بینایەکان کە ماون + بەرزی تەلارەکان + جۆری مادەی بینای بەکارهاتوو لە تەلارەکان)، کەواتە پلانی شار یەکێکە لە توخمە پێکهێنەرەکانی مۆرفۆلۆجیای شار.

**دووەم/ چەمکی پلانی شار (City plan):**

بریتیە لە سیستەمەکانی شەقام یاخود کۆمەڵێك شەقامی سەرەکی و لاوەکی کە چەندەها سیستەم دەنوێنن و ناو شار دەبڕن. و شەقامیش بریتیە لە شوێنێکی کراوە کە سنوورەکەی بە هەردوو هێڵی شەقامەکە دیاری کراوە و لەسەر چەند بنەمای ئەندازیاری دروست کراوە و بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و بار بەکاردەهێنرێت. لێکۆڵینەوە دەربارەی بابەتی پلانی شار بە کۆنترین و فراوانترین لێکۆڵینەوە دادەنرێت لە بواری مۆرفۆلۆجیای شارەکان و لە دوو رووی سەرەکیەوە بە بەردەوامی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، یەکەمیان (لە رووی شێوەی پلانی شارەکە و دووەمیان لە رووی دووری مێژووی ئەو پلانە کە شارەکە پێی دەناسرێت و کاریگەری خستۆتە سەر شێوەی دەرەوەی ئەو شارە. بۆیە توخمی (سیستەمەکانی شەقام) یاخود (پلانی شار) بە گرنگترین توخم دادەنرێت بۆ دیاری کردنی مۆرفۆلۆجیای هەر شارێك لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- بە هۆی پلانی شارەوە و زانینی سیستەمی شەقامەکانی ئەو شارە دەتوانین تیشك بخەینە سەر قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەو شارە یاخود زانینی ئەو قۆناغە مێژووییانەی کە ئەو شارە بەسەری تێپەڕیوە، چونکە لە هەموو قۆناغێك لە تەمەنی شار سیستەمێکی شەقامی نوێ بەدیار دەکەوێت کە دووبارە نابێتەوە بە هەمان شێوە زۆربەی جار.

٢- سیستەمەکانی شەقام یاخود پلانی شار گرنگیەکەی لەوەدا بەدیار دەکەوێت کە توانای بەرگری کردنی گۆڕانکارییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجیای هەیە کە بەسەر هەر شارێك دادێت لە قۆناغەکانی تەمەنی دا، واتا درەنگ گۆڕانکاری بەسەر دێت و درەنگ روخساری دەگۆڕێت بە گۆڕانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی شاردا.

٣- سیستەمە هەمە جۆرەکانی شەقام رۆڵێکی راکێشەر دەبینن یاخود هێزێکی راکێشەریان هەیە بۆ راکێشانی بەکارهێنانەکانی زەوی شارستانی بەڵام بە پلەی راکێشانی جیاواز لە بەکارهێنانێك بۆ بەکارهێنانی تر.

٤- پلانی شار توانای یەکتر بەستنەوەی هەموو بەشەکانی شاری هەیە یاخود توانای لە یەکترنزیك کردنەوەی هەموو ئەو دیاردانە هەیە کە مرۆڤ دروست کردوە لەناو شار.

**سێیەم/ جۆرەکانی پلانی شار :**

سیستەمەکانی شەقام لە هەر شارێك بریتیە لەو خوێنبەرانەی کە خوێن بۆ هەموو لەشی مرۆڤ دەبەن، بە هەمان شێوە ئەوانیش خوێنبەرن کە شوێنە پیشەییە جیاجیاکان لەناو شار بەیەکتر دەبەستنەوە و پێداویستیەکانی مرۆڤ کە جیاوازن و هەمە جۆرن دەگوازنەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر. پلانی شار چەندەها جۆری لێ دەکەوێتەوە بەڵام هەر زانایەك بە جۆرێك باس لە جۆرەکانی دەکات، بەڵکو چەندەها پێوەر هەیە بۆ

پۆلین کردنی جۆرەکانی شەقام لە ناو شار، بۆیە دەتوانین باسی جۆرەکانی بکەین بە پێی ئەو پیوەرانەی کە زانایان پشتیان پێ بەستووە وەك لەمانەی خوارەوە:

١- پێوەری بەرزی لەسەر ئاستی رووی زەوی/ کە شەقامەکان پۆلین دەکات بۆ چەند جۆرێك ئەویش شەقامەکانی (هەڵواسراو – المعلق) واتە بەرزە پرد و شەقامی تەخت واتە ئەو شەقامانەی کە ئاستەکەی لەسەر رووی زەویە و هەروەها ئەو شەقامانەی کە لە ژێر زەوی دان وەك (تونێل) و رێگاکانی میترۆ.

٢- پێوەری پیشەیی/ واتە لێرەدا شەقامەکان وا پۆلین دەکرێت لەسەر بنەمای یاخود پێوەری ئەو پیشەییەی کە لە زۆربەی بیناکانی سەر شەقامەکە بەدی دەکرێت، وەك شەقامی بازرگانی و شەقامی پیشەسازی و شەقامی تەرفیهی و شەقامی زانستی و هتد بە پێی زۆرینەی پیشەی بینایەکان.

٣- پێوەری پانی شەقام/ مەبەست لێرەدا پانی شەقامەکە و فراوانیەتی بۆ هاتوچۆکردن، بەمەش چەند جۆری لیچ دەکەوێت وەك شەقامی سەرەکی + شەقامی لاوەکی + شەقامی ناوخۆیی یاخو کۆڵان.

٤- پێوەری سروشتی هەڵکشانی شەقامەکان/ ئەم پێوەرە بە گرنگترین پێوەر دادەنرێت و سێبەشی وڵاتان پەیرەوی دەکەن چونکە بە پێی سروشتی درێژبوونەوەی شەقامەکە و هەڵکشانی، شێوەی شەقامەکە بە دیاردەکەوێت وکاریگەری دەبێت لەسەر شێوەی شارەکە خۆی، دەبێتە چەند جۆرێك وەك شەقامی (ئەندامی، چوارگۆشەیی، بازنەیی، تیشکی، هێڵی). بۆیە بە درێژی باسی جۆری لە چوارەم دەکەین:

### أ- پلانی ئەندامی – الخطة العضوية – Organic plan

پێی دەوترێت شەقامە زگزاگیە هەرەمیەکان، وشێوازی درێژبوونەوەی نارێکە و دیاریکراو نیە لە رووی ئاراستە و نە لە رووی فراوانیەکە بەڵکو شەقامی تەسك و پێچاوپێچن و لە هەندێ شوێن فراوان دەبن و لە هەندێ شوێن لەناکاو تەسك دەبنەوە و ئاراستەیان دیار نیە، ئەم شێوازە یاخود ئەم جۆرە پلانی شارە لە شارە کۆنەکان زۆر بە روونی بەدیار دەکەوێت لەو کاتە کە تەنها مرۆڤ و ئاژەڵ تاکە هۆی گواستنەوە بوون و بێجگە لە هۆکاری ئەمنی و کۆمەڵایەتی و هۆکاری کەش و هەوا، بۆیە ئەم جۆرە پلانە لە شارە کۆنەکان بەدیار دەکەوێت وەك هەولێر و موصل و بغداد و دیمشق و بەسرە و شارەکانی یۆنان و إسبانيا.

سەنتەری کۆنی شاری دیاربەکر




سەنتەری هەولێر خانەقا






سەنتەری كۆنی شاری كەربەلا

سەنتەری كۆنی شاری قورتوبە لە ئیسبانیا




سەنتەری كۆنی شاری ئیشبیلیا لە ئیسبانیا




## ب– پلانی تۆڕی یاخود چوارگۆشەیی – الخطة الشبكية – Ghess plan

هەندێ جار پێی دەوترێت پلانی شەترەنجی یاخود (تۆڕی) (شبكی)، بە پێی ئەم پلانە شار یاخود بەشێك لە شار دابەش دەبێت بۆ چەند چوارگۆشەیەك یاخود لاكێشەیەك بۆیە شەقامەكان یەكتر دەبڕن و چەند گۆشەیەكی وەستاو دروست دەكەن. ئەم پلانە بە یەكێ لە پلانە كۆنەكان دادەنرێت كە لە چەندەها شارەكانی وڵاتانی یۆنان و رۆمانیەكان بەدی دەكرێت وە هەتا ئێستا ئەم شیوازە بەكاردێت لە شاری ناصریە لە عێراق و لە USA و لە شاری شیكاغۆ.

### خاڵە چاكەكانی ئەم جۆرە پلانە/

١– ئاسانی وێنەكێشانی لەسەر كاغەز و پرۆگرامەكانی نەخشەكێشان و جێبەجێ كردنی لەسەر رووی زەوی لە بەرئەوەی بە یەكێ لە پلانە سادە و ساكارەكان دادەنرێت كە هیچ ئالۆزیەكی تیا نیە.

٢- ئاسانی ناسینەوەی شوێنەکانی ناو شار و دیاری کردنی لە ناو شار لە ڕێگای چواریانی شەقامەکان چونکە چواریان زۆر تیا بەدی دەکرێت.

٣- رووبەری زەوی دەوروبەری شەقامی چوارگۆشەیی و لاکێشەیی یەکسانن بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت شارەکە بکرێت بە چەند گەڕەکێك یاخو چەند یەکەیەکی ئیداری یاخود بۆ چەند قطاعێك (قطاع) یاخود بۆ چەند وارشێك (وارش).

٤- ئاسانی هاتووچۆی دانیشتوان و هۆیەکانی گواستنەوە لە ناو شار.

٥- ئاسانی ئەنجام دانی سیستەمی ژمارەکردنی شەقام و ماڵ و دەزگا حکومیەکان واتە سیستەمی (ترقیم) ئەمەش یارمەتی زانینی ژمارەی بینایەکان و ناسینەوەی شوێنەکان دەدات لە ناو شار.

٦- ئاسانی دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان لەناو گەڕەکەکان وەك (ئاو + کارەبا+ پۆستە +ئاگر کوژێنەوە... هتد.

٧- ئەم جۆرە پلانە شیاوە و گونجاوە لەناوچە دەشتاییەکان.

**کەم و کوڕییەکانی ئەم جۆرە پلانە:**

١- جێبەجێ کردنی ئەم جۆرە شەقامانە لە شارێکی چیایی زۆر زەحمەتە و ناگونجێت چونکە چەندەها رووداوی هاتووچۆی لێ دەبێتەوە بێجگە لە زۆر بەکاربردنی سوتەمەنی لە کاتی کرداری بەسەرکەوتندا. جگە لە وەستانی ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامە گشتیەکان زەحمەتە بە تایبەتی ئەگەر زەویەکە لێژ بێت.

٢- هاتووچۆ کردن لەناو ئەم جۆرە پلانە بە چەند هەنگاوێك ئەنجام دەدرێت. ئەمەش مانای بە فیڕۆدانی کاتێکی زۆرە.

٣- لاوازی بینین لە کاتی بڕینی چواریانی شەقامەکان چونکە کۆتاییەکانی تیژە.

٤- داگیرکردنی رێژەیەکی زۆر لە رووبەری شار کە دەگاتە نزیکەی ٣٠٪.

بەغدا




بەغدا



شیکاگۆ




هەولێر



### ج- پلانی بازنەیی (الخطة الدائرية) Circular plan

بریتیە لەو پلانەی کە شەقامەکان لە شێوەی چەند بازنەیەك یاخود نیو بازنەی رێکوپێك یاخود تۆزێك شێواو دەبێت. لە کۆتایی ئەم پلانە وا دەکات شارەکە شێوەی بازنەیی وەربگرێت دوای ئەوەی کە شەقامەکان یەك بە دوای یەك بە شێوەی بازنەیی درێژ دەبێنەوە، و هەندێ جار ئەم شەقامە بازنەییانە چەند شەقامێکی تیشکی دەیانبڕێت بۆ بەستنەوەی سەنتەری شار (CBD)، بە لێواری شار و دەرەوەی شار.

ئەم پلانە زۆر بەناوبانگە لە جیهان بە تایبەتی لە شاری میلانۆ لە ئیتالیا و شاری باریس و شاری هەولێر لە عێراق و شاری کوێت.

خاڵە چاکەکانی ئەم پلانە/

١- ئاسانی هاتووچۆ لە نێوان گەڕەکەکانی ناو شار.

٢- بەستنەوەی هەموو پارچەکانی شار بە یەکتر.

٣- ئاسانی گەیشتن بە لێوارەکانی شار لە سەنتەرە و بەپێچەوانەشەوە .

کەموکورییەکانی/

١- زەحمەتی جێبەجێکردنی ئەم پلانە لە شارە چیاییەکان یاخو هەندێ جار بەکارهێنانی سەربازی و دەریا و رووبەرە ئاوییەکان رێی لێ دەگرن.

٢- مانەوەی هەندێ پارچە زەوی لە ناو شاردا بە شێوەیەکی ناڕێك کە بۆ هەموو بەکارهێنانێك دەست نادات.

٣- دەبێتە هۆی چەندها گیروگرفتی هاتووچۆ و جەنجاڵی لە کاتی هەوڵدانی هەر کەسێك بۆ گەیشتن یاخود دەرچوون لە ناوچەی (CBD)، یان جوڵەی نێوان شوێنی کارکردن و ماڵ، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی هاتووچۆ.

موسكۆ




مۆسكۆ بەشەو



ميلانۆ




ميلانۆ بەشەو



هەولێرە حەیاتەکە بەشەو





## د- پلانی تیشکی (الخطة الشعاعية) Radial plan

بریتیە لە چەند شەقامێکی سەرەکی و لاوەکی راست و راست لە شێوەی تیشك دایە لە سەنتەری شار دەست پێدەکات بەرەو بەشەکانی دیکەی یاخود لە ناوەڕاستی شارەکە دەست پێدەکات بۆ لێواری شار یاخود شەقامێکی تیشکی لاوەکیە بەناو گەڕەکێك دادێت، و ئەم جۆرە پلانە دوو جۆری هەیە/

### ١- پلانی تیشکی چوارگۆشەیی یان لاکێشەیی / Fourfold Radial Plan

لێرەدا شەقامەکانی تیشکی یەکتر دەبڕێت لەگەڵ شەقامەکانی چوارگۆشەیی یان لاکێشەیی وەك شاری دار ئەلبەیزا لە مەغریب و قەنەیتەرە لە سوریا و پاریس ودیار بەکر وواشنتۆن:



پاریس




دیاربەکر




واشنتۆن

### ٢- پلانی تیشکی بازنەیی/

لێرەدا شەقامەکانی تیشکی یەکتر دەبڕێت لەگەڵ شەقامەکانی ئەڵقەیی بازنەیی، وەك شاری هەولێر و شاری میلانۆ لە ئیتاڵیا. ئەم پلانە پەیدابوو لە ئەنجامی گەشەکردنی رووبەری شار و هۆیەکانی گواستنەوە ئەمەش وای کرد کە دانشتوان نزیك شەقامە تیشکیەکان کۆببنەوە و ئاوەدانی دروست بکەن و ئاوەدانی بۆ خۆی رابکێشێت بە تایبەتی بەکارهێنانی نشنگەیی.

- لە خاڵە چاکەکانی ئەم پلانە خێرایی هاتووچۆی دانشتوان وهۆیەکانی گواستنەوەیە بەڕاستی لە نێوان بەشە جیاجیاکانی شاردا هەروەها زیادکردنی خێرایی هاتووچۆ و بەستنەوەی بەشەکانی شار لەگەڵ یەکتر لەو کاتەی کە شەقامە تۆڕیەکان و بازنەییەکان دەبڕێت واتە خاڵە چاکەکانی ئەم دوو جۆرە پلانە دەدرەوشێنەوە و زیاتر دەبن لەو کاتەی کە پلانی تیشکی دەیانبڕێت.
- وە لە خاڵە کەموکورییەکانی ئەوەیە کە پارچە زەوی لە شێوە و قەبارە جیاواز بەجێدەهێڵێت کە بۆ هەموو بەکارهێنانەك دەست نادەن، بەتایبەتی نشنگەیی و بازرگانی و پیشەسازی.
- بنغازی لە لیبیا




شاری کوێت لە کوێت




ئاکدی لە فەرەنسا



## ھ – پلانی هێلیی – تیلماسکی / الخطة الشريطية الخطية – The linear plan

بریتیه له شەقامێکی درێژی سەرەکی بە تەنها درێژ دەبێتەوە لە ناوەندی شار بۆیە گەشەی بینایەکان و شەقامە لاوەکیەکان لە درێژبوونەوەیان بە شەقامە سەرەکیەکەوە کاریگەردەبن، و ئاوەدانی بڵاو دەبێتەوە لەو بەرو ئەوبەری شەقامە سەرەکیەکە لە شێوەی چەند هێڵێك و ناوچەی بازرگانی و پیشەسازی کۆدەبنەوە وەك کرۆکێکی لاکێشەیی یاخود نیمچە لاکێشە لە ناوەڕاستی شار نزیك شەقامە سەرەکیەکە، وە ئەم جۆرە پلانە لە شارە چیاییەکان بەدیار دەکەوێت وەك شاری دهۆك.

**لە خاڵە ئەرێنیەکانی /**

١– لە خاڵە چاکەکانی ئەم پلانە ئەوەیە کە شێوەیەکی سادە و ساکاری هەیە کە هیچ گێروگرفتێك لە کات و تێچوون و جوڵەی هاتووچۆ نیە.

٢– ئاسانی ناسینەوەی شوێنەکان و ئاڕاستەی جوڵەی دانشتوان.

٣– ئاسانی گەیاندنی دانشتوان بە ناوچەی سەوزایی ئەگەر لە شارێك پلانی بۆ دانرابێت.

**وە لە خاڵە نەرێنیەکانی:**

١– لێك جیاکردنەوەی شەقامە سەرەکیەکان وەلاوەکیەکان تۆزێك زەحمەت دەبێت

٢– و هەندێ جار خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان لە درێژایی شەقامەکە دەبێت ئەمەش گێروگرفتی زۆری تێچوون و کات و جەنجاڵی دروست دەکات.

دهۆك




کاراکاس/ فنزویلا



شاری  سیودیدادلاکۆستا بەرازیل

